Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090211

# بەشەكانی رستەی ئاڵۆز لەزمانی کوردیدا (لارستە) وەك نموونە

شیلان پیرداود محمدأمین

حاتم ولیا محمـد

بەشی زمانی کوردی // کۆلێژی پەروەردە // زانکۆی سەلاحەددین

*Article Info*

Received: February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

*Keywords*

ڕستە ئاڵۆز – ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز – بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز – لاڕستە – لاڕستە چەمك و زاراوە – پێناسەکانی لاڕستە – جۆرەکانی لاڕستە.

Corresponding Author
Shilan.perdawd@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز (لاڕستە) وەك نموونە) یە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشە سەرەکییەکانی ڕستەی ئاڵۆز بخرێتە ڕوو، چونکە ئەم جۆرە ڕستەیە ڕستەیەکی زیندووە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت و لەقۆناغە جیاجیاکانیش دەخوێندرێت. پەیوەندی نێوان بەشەکانی ڕستە یەکێکە لە لایەنەکانی ڕستەسازی و پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، واتە هەموو کەرەستەکانی ناو ڕستە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز بەتایبەتی لاڕستە، کە بەشێکی گرینگی ئەم جۆرە ڕستەیەیە. کە ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز و پێناسەی ڕستەی ئاڵۆزیش تیایدا باس کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەمك وزاراوەی لاڕستە و پێناسەی لاڕستە و جۆرەکانی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتە ڕوو، چونکە ئامانجی توێژینەوەکەیە.

## پێشەكی:

**١) ناونیشانی توێژینەوەكە :**

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتییە لە : (بەشەكانی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی كوردیدا لاڕستە وەك نموونە) یە" هەوڵێكە بۆ ناساندنی ودیاریكردنی ڕۆڵی لاڕستە لەم جۆرە ڕستەیەدا.

**٢) ڕێبازی توێژینەوەكە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی – شیكاری) گیراوەتە بەر" واتە بە پشت بەستن بەم ڕێبازە" هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان بەشەكانی ڕستەی ئاڵۆز" ڕۆڵ و گرینگی لاڕستە وخۆر و ئەركی لاڕستە بخرێتە ڕوو.

**٣) سنوری توێژینەوەكە :**

سنوری توێژینەوەكە خۆی لە (بەشەكانی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی كوردیدا) دەبینێتەوە بە پەیوەندی نێوان بەشەكانی ڕستە و لاڕستە وجۆر وئەركەكانی دەخاتە ڕوو.

**٤) ئامانجی توێژینەوەكە :**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن ودیاریكردنی ڕۆڵی لاڕستەیە و دەستنیشانكردنی گرینگی ئەرك و جۆرەكانە.

**٥) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە :**

دەستنیشانكردن و ساخكردنەوەی ڕۆڵ و بەهای لاڕستەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، بەگرینگ دانانی بەشێكە لە ڕستەی ئاڵۆزدا.

**٦) ناوەڕۆك وپلانی توێژینەوەكە :**

ناوەڕۆكی توێژینەوەكە لە پێشەكییەك و دووبەش پیكدێت" لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان :-

لەبەشی یەكەمدا كە بەسەر سێ تەوەردا دابەشكراوە، ئەوانیش بریتین لە :

تەوەری یەكەم : ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز.

تەوەری دووەم : پێناسەی ڕستەی ئاڵۆز.

تەوەری سێیەم : بەشەكانی ڕستەی ئاڵۆز.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەكەمدا تیشك خراوەتە سەر لاڕستە كە ئەویش بەسەر سێ تەوەردا دابەشكراوە ئەوانیش بریتین لە :

تەوەری یەكەم : لاڕستە چەمك و زاراوە.

تەوەری دووەم : پێناسەی لاڕستە.

تەوەری سێیەم : جۆرەكانی لاڕستە.

## بەشی یەكەم

**١ : ڕستەی ئاڵۆز : Complex Sentence**

ڕستەی ئاڵۆز لە ڕووی پێكهاتەوە چەند پرەنسیپ و یاسایەكی دارشتنی هەیە، ئەوانە : هەموو ڕستەیەكی ئاڵۆز لە دوو ڕستە یان زیاتر پێكدێت، هەندێ جار بە ڕستەی تێكەڵیش ناودەبرێت. ئەگەر ڕستەی ئاڵۆز لە سەرووی دوو ڕستەشەوە بێت ئەوا تەنها یەك ڕستەیان سەرەكییە، وڕستەكانی تر هەمووی شوێنكەوتووی و تەواوكاری دەبن.

**١-١ : ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز[1] : Complex Sentence Structure**

ئاخێوەر و بەكارهێنەری زمان بە چەند یاسایەكی دیاریكراو توانای دارشتن و بەرهەمهێنانی ژمارەیەكی بێكۆتا لە ڕستەیان هەیە، واتە یاساكانی هەر زمانێك سنوردارن، بەڵام بەكارهێنانی ئەو یاسایانە لە ڕۆناندا بێ سنوورن،هەموو ڕستەیەك سەرەتا ودەستپێكردنی هەیە، وكۆتایشی هەیە، كە بە (بارە سنووردارەكان) ناسراوە. بارە سنووردارەكانیش پەیوەندییان بە توانا شاراوەكانی مێشكەوە هەیە، هەركەرەستەیەك دەكەوێتە سەرەتاوە وشەیەكی تر دەوروژێنێ، كە هاوسێێ لە هەمان سیاقدا، ئەو وشەیەش وشەی تر دەوروژێنێ، بەو شێوەیە هەتا ڕستەكە دروست دەبێت و كۆتایی دێت(دارا حمید محمد، ٢٠١٢ : ل١٠).

چەند ئامرازێكی سینتاكسی هاوبەشی دارشتنی ڕستەی ئاڵۆز دەكەن. ئەركی سەرەكی ئەم ئامرازانە گەیاندن و تێكەڵكردنی ڕستەی شوێن كەوتوو بە ڕستەی سەرەكییە. شوێنی ئەم ئامرازە گەیەنەرانە بەشێوەیەكی سەرەكی لە پێش ڕستەی شوینكەوتوودا دەبێت. لەو بارانەدا، كە بڵوێت ئامرازی گەیەنەر لە ڕستەی ئاڵۆزدا لابدرێت، ئەوا ڕستەكە تایبەتێتی سینتاكسی وەك ڕستەی ئاڵۆز لە دەست دەدات و دەبێتە ڕستەیەكی لێكدراو، ئەمەش هەموو جۆرە ڕستەیەكی ئاڵۆز ناگرێتەوە، چونكە لە هەندێك باری تەسكدا ڕستەی ئاڵۆز بە بێ ئامرازی گەیەنەریش دادەڕێژرێت.(كوردستان موكریانی، ٢٠٠٤ :ل ٥-٦).

پێكهاتی ڕستەی ئاڵۆز لەم هێڵكارییەدا خراوەتە ڕوو :




پێكهاتەی ڕستەی ئاڵۆز لە دوو ڕستەیان زیاتر دەبێت، سروشتی ستراكچەرەكە لە سەر بنەمای بوونی پەیوەندی گەلێكی سینتاكسی و سیمانتیكی نێوان ڕستەكانی ئەو ستراكچەرە دادەمەزرێت : (ڕستەكانی ڕستەی ئاڵۆز دەتوانرێ بئاخرێتە ناو یەكەوە و دروستەیەكی لەناو یەكشكاوەدا دروست بكەن، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بكرێت كە بەرجەستە نەكردنی كەرەستەی فەرهەنگی بكەری ڕستەی وەچە پێكهاتە بەرەگەزێك (بكەر یان بەركار) ی ڕستەی سەرەكییەوە بەستراوەتەوە (صباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩ : ل١٨)، وەك لەم ڕستەیەدا دەردەكەوێت :

- كورد (كە میللەتێكی بێكەسە) زۆر لەمێژە بۆ ئازادی تێدەكۆشێت.

لەم ڕستەیەدا تێبینی ئەوە دەكرێت، كە ئەو دروستەیە لە ڕستەیەك زیاتر پێكهاتووە،بەڵام ڕستەكان تێكچرژاون، ڕستە تەواوكارییەكە ڕستەی سەرەكی تەنیوە،و پەیوەندییەكی سینتاكسی و سیمانتیكی پێكەوەی بەستوون، چونكە

---

[1] بەرامبەر بە زاراوەی ڕستەی ئاڵۆز (تێكەڵ – ئاوێتە - گەلە ڕستە - ڕستەی تێهەڵكێش) بەكارهاتووە.

هەر چەندە ڕستە تەواوکارییەکە سەربەخۆییەکی هەیە، بەڵام ئاشکرایە،پەیوەندی ڕێزمانی ڕستە تەواوکارییەکە لەگەڵ کەتیگۆری بکەری ڕستە سەرەکییەکەدایە(دارا حەمید محەمەد، ٢٠١٢ : ل١١).

هەموو مرۆڤێك کە بە زمانەکەی خۆی قسەدەکات لە توانایدا هەیە، هەموو ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەم بهێنێت ولە هەموو جۆرە ڕستەیەکی قسەکەرێکی زمانەکە بگات، ژمارەی ڕستە چاوەڕوانکراوەکانی زمانێك بێشوومارن(محەمەدی مەحوی، ٢٠٠١ : ل١٥).

کەواتە ڕستەی ئاڵۆز کە دوو ڕستە یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە یەکێکیان سەرەکی یە و ئەویتریان ڕستەی شوێنکەوتووە و ناسەربەخۆیە، بۆ تەواوکردنی واتاکەی پشت بە ڕستە سەرەکییەکە دەبەستێت. وەك لەم ڕستەیەدا :

- ئەو قوتابییەی کە باشی خوێند بە یەکەم دەرچوو.

**٢-١ : پێناسەی ڕستەی ئاڵۆز : Complex Sentence definition**

ڕستەی ئاڵۆز جۆرێکی ترە، لە ڕستەی ناسادە. ڕێزماننوسان هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز پێناسەی ڕستەی ئاڵۆزیان کردووە و بەجۆرێك لە بارەیەوە دواون، هەر وەك پێشتریش چەند پێناسەیەکمان خستەڕوو، بەڵام لێرەش یەك دوو پێناسەی تر دەخەینە ڕوو. (ڕستەی ئاڵۆز ئەو ڕستەیەیە، لە ڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەکی شوێنکەوتوو پێکهاتووە، کە هەریەکەیان ڕۆڵی دیاریکراوی سینتاکسی خۆیان هەیە، باری شوێنکەوتنی ڕستەی شوێنکەوتوو بە ڕستەی سەرەکییەوە، بە کۆمەڵە هۆیەکی سینتاکسی پەیوەستە، کە لە هەمووان گرینگتر ئامرازی گەیەنەر، کە ئەم ئامرازە دەچێتە نێو پێکهێنان و داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتوو)(کوردستان موکریانی، ٢٠٠٤ :ل٥)

یاخود (ڕستەی ئاڵۆز یان تێکەڵ ئەم جۆرە ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە ڕستەیەکی سادە پێکدێت و لە هەموو ڕستە سادەکانیش تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکییە.

ڕستە سەرەکییەکە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام پاڕستەکان بەندن بە ڕستە سەرەکییەکەوە چەند زانیارییەك لە بارەی توخمێکی ڕستەی سەرەکی لەخۆ دەگرێ. ڕستەی سەرەکی لەم جۆرە ڕستەیەدا بە خورتییە و دەبێ هەبێ، بەڵام پاڕستەکان بە ئارەزووە دەشێ لابرێ بێ ئەوەی ڕستەی ناڕێزمانی دروست بکات(خەسرۆ ئەحمەد، ٢٠٠٨ : ل١٠٩).

(independent clause) وناتوانرێ لابرێ، کە (شاڕستە)ی پێ دەوترێ، سەرجەم ڕستەکانی تر لاوەکین (dependent clause) دەتوانرێ لابرێ، کە (پاڕستە) یان پێ دەوترێ (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠٠٥ : ل٥٢).

لە ڕستەی ئاڵۆزدا، هەندێ جار لاڕستە بەشێکی ڕستەی سەرەکی فراوان دەکات و دەبێتە دیارخەرێك و لایەنێکی ئەو نادیارییە دەردەخات. بۆ نموونە :




ڕستەی ئاڵۆز بەو ڕستانە دەوترێت، کە دوو ڕستەی جیاواز لە ڕووی سینتاکسەوە دەگرێتە خۆ یەکێکیان سەرەکی و ئەویتر لاڕستەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕستە سەرەکییەکە. (کوردستان موکریانی، ١٩٨٦ : ل٧٦).

کەواتە ڕستەی ئاڵۆز لە ڕستەیەکی سەرەکی و لاڕستەیەك یان زیاتر پێکدێت، ئامرازی گەیەنەر هەردوو بەشەکە دەگەینێتە یەکتری. (شلێر ڕەسول محەمەد،٢٠٠٤ : ل٤٠).

بۆ نموونە :




ئەم ڕستەیە لە ڕستەی سەرەکی (ئەو منداڵە کچم بوو) و لاڕستەی (کە بینیت) پێکدێت. کە بەهۆی یاسای لێکدان لێکدراون پێکهاتووە.

هەریەك لە ڕستە شوێنکەوتووەکان دەتوانێت فراوانبکرێت، ژمارەشیان بە پێی مەبەست و ئارەزووی قسەکەر دەگۆڕێت، (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ١٩٩١ : ل٨٠) وەك ڕستەی شوێنکەوتوی (دیارخەری، کاتی، هۆیی، پێچەوانەیی، مەرجی، نیاز و مەبەست ..... هتد).(بەکر عومەر علی، ٢٠٠٣ : ل٩)

کاتی کرداریش لە ڕستەی شوێنکەوتوودا دەشێت بەکرداری ڕستە سەرەکییەکەوە بەند بێت، یاخود کاتەکەی جیاواز بێت.

**٣-١ : بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز : Complex Sentence Sections**

لە زمانی کوردیدا ڕستەی ئاڵۆز لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت :

١-٣-١ : شاڕستە (ڕستەی سەرەکی ) independent clause :

لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەی سەرەکی بەو ڕستەیە دەگوترێ کە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆیە هیچ پەیوەندییەکی سینتاکسی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا نییە، جگە لەمە ڕستەی سەرەکی مۆرفیمی گەیەنەری پێش ناکەوێت.(ڤیان بەکر عەبدولرەحمان، ٢٠١٥ : ل٢٨)

ڕستەی ئاڵۆز لە هەر چەند ڕستە پێکهاتبێ تەنیا یەکێك لەو ڕستانە ڕستەی سەرەکییە، ئەوانیتر دەبنە ڕستەی لاوەکی یان شوێنکەوتوو، بەشێوەیەکی گشتی بریتی دەبێت لە ڕستەیەکی سادە کە هێڵ بە ژێردا هاتووەکان دەگرێتەوە، وەك :

- ئەو نووسینانەی، کە چاپم کردوون، وەك یادگاری هەڵم گرتوون.
- ناتوانم ئەو قسە ڕەقانە لە بیرکەم، کە هاوڕێکەم کردی.
- ئەو منداڵەی، کە پاڵیدابۆوە، ڕۆیشت.

۱-۳-۲ : پارستە (ڕستەی لاوەكی (لاڕستە) (dependent clause) : لە پێوانەی پلەی زمانی كوردیدا پارستە بەشێكی شاڕستە دەردەخا. (ئەو بەشەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا كە هەرچەندە كەرەستە پێویستیەكانی ڕستەی تێدایە، بەڵام ناتوانێ وەك ڕستەیەكی تەواو سەربەخۆ بوەستێ، بەڵكو لە ڕووی ڕێزمانەوە بە ڕستەی سەرەكیەوە بەندە) (شلێر ڕەسوڵ محەمەد، ٢٠٠٤ : ل٤١).

ئەو یەكە زمانییەیە كە هەردوو پایەی ڕستەی لە فرێزی كاری و فرێزی ناوی لە خۆ دەگرێت و بەشداری ڕۆنانی یەكەی سەروی خۆی واتە شاڕستە دەكات، بۆیە لە ڕووی واتاوە پەیوەستە بە ڕستەی سەرەكیەوە. وەك :

- هەولێر، كە شارێكی كۆنە، پایەتەختی هەرێمی كوردستانە.
- ئەو ژنەی كە بینیت دایكم بوو.
- مانگێكە نەمدیوە، بۆیە دڵگرانم.

ئەو ڕستانەی هێلیان بە ژێردا هاتووە پێویستیان بە تەواوكردنی واتای ڕستەكان هەیە، چونكە هیچیان بە بێ ڕستەی سەرەكی ڕۆنانەكەیان تەواو نابێت. واتەئەگەر جیای كەیتەوە واتای تەواوی نیە، ئەمجۆرە ڕستەیە شوێنكەوتووی شاڕستەیە وزانیاری زیاتر دەربارەی شاڕستە دەدات. هەروەها بە ڕستەی بەند دادەنرێت، چونكە سەر بە ڕستەی سەرەكییە ئامرازەكان تێكەڵ بە داڕشتنی پارستەكان دەبن پارستە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەركی فریزی ناوی جێبەجێ دەكات. (Fromkin.V.R , 1978 : p213) هەروەها پارستەكان جۆری ڕستەكان دیاری دەكەن لە ڕستەی ئاڵۆزدا.

**۱-۳-۳ : ئامرازی گەیەنەر (Relative Article) :**

ئەو مۆرفیمەیە كە هەردوو بەشەكەی ڕستەی ئاڵۆز بە یەك دەگەیەنێت، ئەو ئامرازە كە لاڕستە دەگەیەنێت بە ڕستەی سەرەكی وهۆیەكە لە هۆیەكانی بەندبوونی لاڕستەكە پێیەوە، كە پەیوەندی مەرجی، مەبەستی، هۆیی، كاتی، دیارخەری ..... هتد لە نیو ڕستەی سەرەكی و شوێنكەوتوواپیشان دەدات. پەیوەندی نێوان ئامرازی گەیەنەر و لاڕستە ئەوەیە، كە ئامرازی گەیەنەر خۆی ئاماژە بە باسلێكراوێك (توخمێك) ناكات بۆیە پێویستی بە ڕستەیەك دەبێت، كە بە ڕستەی سەرەكی ببەستێتەوە و ئەركی خۆیان ببین لە تەواوكردنی واتا و ناساندنی سەرەكەی پێش خۆیان (خلیل احمد عمایرە، ١٩٨٤ : ل٢٠٠)، هەروەها ئامرازی گەیەنەر كە لاڕستە یان ڕستەی شوێنكەوتوو، لە ڕووی واتاو مەبەستەوە، دەگەیەنن ودەبەستنەوە بە ڕستەیەكی سادەی سەربەخۆ و سەرەكی(ڕەفیق شوانی، ١٩٩٧ : ل٤٧).

وەك :




ئامرازی (كە) لە لاڕستەی دیارخەریدا دەشێ بە ئارەزوو (Optional) لاببرێت. بێ ئەوەی كار لە ڕێزمانێتی ڕستە كە بكات، چونكە مۆرفێمی خستنە سەری (ی) ئەو بۆشاییە كە مۆرفێمی گەیەنەر بە جێی دەهێنێت، لە ڕووی واتاشەوە هەمان مەبەستی پێشتر دەگەیەنێت (شلێر ڕەسوڵ محەمەد،٢٠٠٤ : ل٤٢).

- ئەو گوڵەی، كە دات بەمن، بێ بۆن بوو.
- ئەوانەی، كە یارمەتیان داین، خەڵكی دێیەكە بوون.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەشێ (كە) لاببرێت، بێ ئەوەی كار لە ڕێزمانێتی ڕستەكە بكات بەم شێوەیە :

- ئەو گوڵەی، دات بەمن، بێ بۆن بوو.
- ئەوانەی، یارمەتیان داین، خەڵكی دێیەكە بوون.

دەبێ تێبینی ئەوەش بكرێ كە ئامرازی (كە) لە هەندێ باردا بە ئارەزوو لانابرێت. لادانی كار لە ڕێزمانێتی ڕستەكەدا دەكات، بە تایبەتی ئەگەر وشەكە (ی) خستنە سەری لەگەڵدا نەبێت، وەك ڕستەیەكی لاواز دەردەكەوێت، (هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل٤٣). وەك :

- ئەو كتێبەی، كە لەسەر مێزەكە بوو، بەسوود بوو.

## بەشی دووەم

**٢ : لاڕستە :**

لاڕستە[٢] : ئەو بەشەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، كە هەر چەندە كەرەستە پێویستیەكانی ڕستەی تێدایە، بەڵام ناتوانرێت وەك ڕستەیەكی تەواو و سەربەخۆ بوەستێت، بەڵكو لە ڕووی واتا و ڕێزمانەوە بە ڕستەی سەرەكیەوە بەندە و دەگەڕێتەوە بۆ (سەرە) بە پێی ئەركە جیاجیاكانی و ئامرازی گەیەنەر لە گەڵیدا بەكاردێت.

**۲-۱ : لاڕستە چەمك و زاراوە : Concept and term dependent clause**

زمانزانەكانی كورد وەكو زۆر لە كەرەستەكانی تری زمان لەناو زمانی كوردیدا (زۆر چەمك وزاراوە لە بەرامبەر (Clause) ی ئینگلیزی بەكارهێناوە)، هەر یەك بە پێی بیروڕا و سنووری ناوەڕۆكی كارەكەی هەوڵی داوە ناوێك بۆ ئەم پێكهاتەی زمان دابڕژرێت، ئەگەر ئێمە بەدواداچوونێك لەسەر ئەو كارانەی بكەین كە لەم بوارەدا ئەنجامدراون، ئەمە بە ڕوونی بۆمان ئاشكرا دەبێت، چونكە دەبینین كە زاراوەی لاڕستە، پارستە، پارستەی دیارخەری، ڕستەی شوێنكەوتوو، پێرستەی بەند،ڕستیلە ... هتد لە بەرامبەر زاراوەیەكی دیاریكراوی ئینگلیزی بەكارهاتووە وبوونی ژمارەیەكی زۆری زاراوەكان بەرامبەر كلۆز (Clause) لە زمانی ئینگلیزیدا باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەمە، كە زمانزانەكانی كورد لەسەر چەمكی (Clause) ناكۆكن(بایز عمر أحمد و شلێر نایف ئەمین، ٢٠٠٩ : ل٢٥).

زۆر لە زمانزانەكان كاتێك كە باسی زمان دەكەن لاڕستە پشت گوێ دەخەن و دانی بە بوونی دانانێن و بە پێكهێنەری زمان هەژماری ناكەن، وا دیار دەكەن كە زمان تەنها لە پێكهێنەرەكانی وەكو (دەنگ،فۆنیم،مۆرفیم،وشە،فرێز، ڕستە) پێكدێت وهەر یەك لە مانە دەبێتە پێكهێنەرێك بۆ پێكهاتەیەكی لەخۆی گەورەتر بەهۆی ئەو نرخانەی تاكە دەنگەكانی زمان لەناو چوارچێوەی زمانێكی تایبەتیدا پیشانی دەدەن فۆنیمەكانی زمانەكە

---

[٢] لاڕستە، پارستە، پارستەی دیارخەری، ڕستەی شوێنكەوتوو، پێرستە، ڕستەی لاوەكی، ڕستەی ناسەرەكی، پارستەی بەند،پارچە، ڕستیلە ... هتد هەموو ئەو زاراوانە و بگرە زیاتریش بەرامبەر بە لاڕستە (Clause) بەكاردێت.

دەستنیشان دەکەن. لەناو قاڵبی برگەکاندا بە فۆنیمێ یان زیاتر مۆرفیم پێکدێت (مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە) بە مۆرفیمێك یان زیاتر وشە پێکدێت بە وشەیەك یان زیاتر فرێز پێکدێت .... چەند فرێزێکیش ڕستە پێکدەهێنن.(وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤ : ل١٤٨).

ئەگەر ئەمە لەسەر هەموو ئاست و پێکهاتەکانی زمان پەیڕەو بکەین دەبینین کە هەر چەندە ئەم پەیڕەوە لە ئاستەکانی تردا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لە ئاستی ڕستە سازیدا بە تایبەتی لە ڕستەدا بەرجەستە نابێت و گونجاو نیە، هەروەها ئەگەر ئێمە بە دوا داچونێك بکەین لەسەر پێکهاتەکانی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز دەبینین ئەم جۆرە ڕستانە بەلایەنی کەمەوە هەر یەك لە دوو پێکهاتە یان زیاتر پێکدێت.

بۆیە ئەوەی ڕایەك هەموو پێکهێنەر وپێکهاتەکانی زمان لەخۆی بگرێت پێویستە لاڕستەش بە پێکهێنەرێکی زمان هەژمار بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان فرێز و ڕستە و جۆرەکانیدا هەیە چارەسەربکرێت، بۆچوون لە هەموو پێکهاتە و ئاستەکانی زماندا بەرجەستە ببێت و پەیوەندییەکی هەمیشەیی دروست ببێت لە نێوان هەموو پێکهێنەرەکانی زمان پەیدا بکات، چونکە لەوکاتە فرێز دەبێتە پێکهێنەر بۆ لاڕستەکان لاڕستەکانیش دەبنە پێکهێنەر بۆ ڕستە وجۆرەکانی وبەم شێوەیە هەر پێکهێنەرێك دەبێتە پێکهاتەیەك بۆ پێکهاتەیەکی لەخۆی گەورەتر و بە ئاڵۆزی نامێنێت.

واتە لاڕستە پێکهێنەرێکی سەرەکی پێکهاتەی زمانە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ فرێز و ڕستەکاندا هەیە، ئەمەش لە ڕستە ئاڵۆزەکاندا بە ئاشکرا دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، چونکە دەبێتە پێکهاتە بۆ فرێز و پێکهاتەکانی ڕستە. واتە لاڕستە لە ئاستی ڕستەسازیدا پێکهێنەرێکی ناوەندە و جێگای لە نێوان فرێز و ڕستەدایە بۆیە ئەو پەیوەندییەی تێدا بەرجەستە دەبێت.

وەك دانەکانی تری زمان ڕستە و لاڕستە قسەیەی زۆریان لە سەرە و زمانەوانەکان لەسەر ناسینەوە و پێناسەکردنیان ڕێك ناکەون، هەر ئەم ڕێك نەکەوتن وجیاوازییەی نێوان زمانەوانەکانە، کەوا لە کریستاڵ دەکات باوەڕی وابێت کە هەرگیز (باشترین پێناسەی ڕستە) نادۆزرێتەوە، هەندێ زمانەوان ڕستە و لاڕستە لە یەکتری جیا ناکەنەوە، هەندێکی تر بە هیچ جۆرێ لە لێکۆڵینەوەکاندا دان بە بوونی لاڕستە دانانێن، هەندێکی تریش واز لە ڕستە دێنن و (گوتن) لە کارەکانیاندا بەکاردێنن، بۆ نموونە لە شیکردنەوەی پرسیار وەڵامێکی وەك ئەمەی خوارەوەدا :

بۆ زووتر نەهاتی بۆ لام؟

پێرێ دووجار هاتم، بەڵام لێرە نەبوویت.

هەندێ زمانەوان هەموو دیاردەکە بە (گوتنێك) دادەنێن وهەندێکی تر کەرەستەی هەموو بەدوو ڕستە دادەنێ و زمانەوانیش هەیە هەمووی بەسێ لاڕستە دەژمێرێ(محەمەد مەعروف فتاح، ٢٠١١ : ل١٠١).

دەرئەنجام ئێمە لەو بڕوایەداین کە زاراوەی لاڕستە زاراوەیەکی گونجاوە لە بەرامبەر زاراوەی (Clause) ی ئینگلیزی بەکاربێت، چونکە بە بۆچوونی ئێمە لارستە بەهەر دوو جۆری خۆیەوە دەبێتە پێکهێنەری پێکهاتەیەکی لە خۆی گەورەتر کە ڕەستەیە یانیش دەبنە لایەك لە پێکهاتەی ڕستە بە تایبەتی لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا کەواتە دەبنە لایەکی ڕستە.

**٢-٢ : پێناسەکانی لاڕستە : Definition Dependent Clause**

لاڕستە لە لایەن زۆرێك لە زمانزانان و زاناکانی کورد و بیانییەوە بەشێوازی جیاجیا پێناسەکراوە و هەریەك بە پێی بیروباوەڕی و بۆچوونی خۆی کاری لەسەر ئەم بابەتە کردووە و هەوڵیداوە پێناسەی بکات، ئەمانەی خوارەوە چەند پێناسەیەکی لاڕستەیە :

لاڕستە ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە بەلای کەمەوە لە بکەر و کارێك پێکدێت بە مەرجێك بکەر و کارەکە لە ژمارەدا ڕێککەون(ئێرنست مەکارەس، ١٩٨٧ : ل١٨٥).

لاڕستە ئەو پێکهاتە زمانییەکە پێکهاتەکانی وەکو ڕستەیە بەڵام بەڕەنگێکی سەربەخۆ بەکارناهێنرێت و دەبنە لایەك لە ڕستە واتە دەبنە لاڕستەی سەرەکی و لاڕستەی بەند(محمد علی خولی، ١٩٩١ : ل٤٢).

لاڕستە پێکهاتووە لەو پێکهاتەیەی کە دەبنە فۆرمێك بۆ پێکهاتەکانی لەخۆی گەورەتر(Trask, 1993 : p44).

لاڕستە ئەو پێکهاتەیەیە کە لە ڕستە بچووکترە ولە فریز گەورەترە(Crystal, 2003 : p75).

لاڕستە : ئەو یەکەیەی زمانییە کە لە گرێیەك یان زیاتر پێکهاتبێ وبەشداری ڕۆڵانی یەکەی سەرووی خۆی واتە ڕستە بکات لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەرەوەی گرێ و خوارووی ڕستەوە(شێرزاد سعید صدیق، ٢٠٠٨ : ل٩٧).

لاڕستە : ئەو دانانەن کەیان لە فرێز پێکهاتوون یان ڕستە پێك دێنن(محەمەد مەعروف فتاح، ٢٠١١ : ل٥٨).

لاڕستە : ئەو بەشەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە هەر چەندە کەرەستە پێویستییەکانی ڕستەی تێدایە، بەڵام ناتوانێ وەك ڕستەیەکی تەواو و سەربەخۆ بوەستێ، بەڵکو لە رووی ڕێزمانەوە بەڕستەی سەرەکییەوە بەندە (شلێر ڕەسول محمد، ٢٠٠٤ : ل٤١).

– مانگێکە نەم دیوە، بۆیە دڵگرانم.

– دوژمن ورەی نەما، بۆیە خۆی دا بە دەستەوە.

هەر یەکە لە لاڕستەکانی (بۆیە دڵگرانم،بۆیە خۆی دا بەدەستەوە) پێویستیان بە تەواوکردنی واتای ڕستەکان هەیە، چونکە هیچیان بە بێ ڕستە سەرەکییەکانی (مانگێکە نەم دیوە، دوژمن ورەی نەما) ڕۆنانەکەیان تەواو نابێت.

هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا هیچ پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ لاڕستە نیە،بەڵام ڕاو بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە ئەگەر ئێمە بەدواداچوونێکی ورد لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراودا بکەین بۆمان دیاردەبێت کە هەر چەندە پێناسەکان لە یەك جیاوازن،بەڵام خاڵی هاوبەشیان هەیە وئاماژە بە زۆربەیان دەدەین :

١) لاڕستە پێکهێنەرێکی سەربەخۆی پێکهاتەی زمانە.

٢) دەبێتە پێکهێنەر بۆ دروستکردنی پێکهاتەکانی لەخۆی گەورەتر.

٣) لە فرێزەکان پێکدێت.

٤) جێگای لە نێو هەرەمی پێکهێنەرەکانی زماندا دەکەوێتە نێوان فرێز و ڕستە.

ئەمانە خاڵی هاوبەشە لە نیوان زمانزانەکان سەبارەت بە لاڕستە ئەم دەربڕینە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم پێکهێنەرە پێکهێنەرێکی سەرەکییە لە زماندا وخاوەن بوون و ڕۆڵی دیار وئاشکرایی خۆیەتی، هەروەها

ئەمە بەو بڕوایە دەگەیەنێت کە لاڕستە بە پێکهێنەری زمانە هەر ئەو پێکهێنەرەیە کە دەبێتە کەرەسەیەك بۆ دروستکردنی ڕستەکان.

پەسەندکردن و بەکارهێنانی زاراوەی لاڕستە لای ئێمە دیارە لەبەر ئەوەیە کە گرفتی تێکەڵبوونی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز تا ڕادەیەك چارەسەر دەکات و لاڕستە لەو کاتانە بەکاردێت کە ڕستەکە ئاڵۆزبێت. ئەگەر ڕستەکەش سادە بوو ئەوا ئاسایی زاراوەی ڕستە بەکاردەهێنرێت.

**٢-٣ : جۆرەکانی لاڕستە : Type Dependent Clause**

لاڕستە وەك بەشێك لە ڕستەی ئاڵۆز، لە زمانی کوردیدا تا ئێستا چەندین دابەشکردنی بۆ کراوە. لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازی دەبینرێ لەم دابەشکردنانەدا، بەڵام تا ڕادەیەك لە هەندێك لایەنەوە یەك دەگرنەوە. بەپێی ئەو ئەرکەی کە وەری دەگرێت لە ناو ڕستەی ئاڵۆزدا. دابەشکردنەکان زیاتر لایەنی واتایی دەگرنەوە، ئەگەر چی بە ڕواڵەت لە چوار چێوەی ڕێزماندانە، بەڵام ڕستە وەك کەرەسەیەکی سەربەخۆ واتادارە و ڕێزمان ڕێکخستنی کەرەسەکان ئەنجام دەدات.

لە ڕستەی ئاڵۆزدا لاڕستە، یان بەشێکی ڕستە سەرەکییەکە فراوانی دەکا، دەبێتە دیارخەرێك و لایەنێکی ئەو نادیاری یە دەر دەخا، کە لە بەشەکەدا هەیە، یان لاڕستەکە خۆی جێگەی یەکێك لە بەشەکانی شارستە دەگرێتەوە، کە مۆرفیمێکی سفرە([٣]) و دەرنەکەوتووە. هەموو لاڕستەیەك دیارخەریە و بەشێکی ڕستەی سەرەکی دیار دەخا یان ڕوونی دەکاتەوە وزانیاری زۆرتری دەربارە دەدا. بەم پێیە لەم توێژینەوەیەدا لاڕستە دابەشی سەر چەند لقێك دەکرێ و هەر لقێکیش لقی تری لێدەبێتەوە، کە دواتر ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بارەیانەوە دەدرێ.

لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا. بۆ نموونە : پۆلکردنی لاڕستەکانی ڕستەی ئاڵۆز و دەستنیشانکردنی جۆرەکانی وەك (کاتی، شوێنی، هۆیی ... هتد) کە چەمکی واتایین وبە پەنابردنە بەر بیر و سەلیقەی لێکۆڵەر لێکدەدرێتەوە، تێکەڵ کراون لەگەڵ ئەو لاڕستانەی کە ئەرکی ڕێزمانی وەك (بکەری و بەرکاری و .... هتد) دەبینن لە ڕستەی ئاڵۆزدا وبە پێی ئەرکیان لە ڕستەکەدا دەستنیشان دەکرێن. بۆ نموونە :

- نەهات لەگەڵمان، چونکە نەخۆش بوو.
- دیارە، کە ئاشتی هیوای گەلانە.

لەم ڕستەیە لاڕستەی (چونکە نەخۆش بوو) لاڕستەیەکی هۆیە و جۆرەکەی لە ڕێی واتاکەیەوە دەستنیشان دەکرێت، کە چی لە ڕستەکەی تردا لاڕستەی (کە ئاشتی هیوای گەلانە) ئەرکی بکەری دەبینێت، چونکە لە ڕستەکەدا بکەر دەرنەکەوتووە و لاڕستەکە خۆی ئەرکی بکەری دەبینێت کە ئەمانەش شیکردنەوەیەکی ڕێزمانیە و لەسەر بنەمای ئەرکی لاڕستەکە ئەنجامدەدرێت و پەیوەندە بە ڕۆنانی ڕستەکە نەك واتاکەی (شلێر رسول بەرزنجی،٢٠٠٤ : ل٦١-٦٢).

پۆلکردنی ئەرکی ڕێزمانی ئەوەیە کە لە سەر بنەمای ئەرکی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە ئەنجام دەدرێت دوور لە لێکدانەوەی واتاو و ناوەڕۆك. واتە، دەستنیشانکردنی کەرەسەی بەشداربوو لە ڕستەکەدا. وەك، دابەشکردنی ڕستە بۆ فرێزی ناوی و فرێزی کاری.

لە دەستنیشانکردنی ئەرکی ڕێزمانی لاڕستەکانی ڕستەی ئاڵۆز وەك ئەرکی (بکەری و بەرکاری و دیارخەری و ئاوەڵگوزارەیی جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی تری لاڕستە وەك (کاتی و شوێنی ومەرجی و ... هتد) کە پەیوەندی واتایی دەستنیشان دەکەن، دانانی سنورە لە نێوان (واتا و ئەرکی ڕێزمانی لاڕستەکان)دا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ناتوانرێت لایەنی واتایی فەرامۆش بکرێت، چونکە ڕستە خۆی دانەیێکی واتادارە. لە ڕووی زمانەوانییەوە ولەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا پۆلکردنی ئەرکی (ڕێزمانی) پەسەند دەکرێ. لاڕستەکانیش ئەمانەن:

٢-٣-١ : لاڕستەی دیارخەری ناو :

ئەو جۆرە لاڕستانەن کە وەسفی ناوێك لە ڕستە سەرەکییەکە دەکەن و پتر ڕوونیدەکەنەوە، کە جێگەی ناوەکە دەگرنەوە و نوێنەرایەتی ئەو ناوە دەکەن. لەسەر ئەو بنەمایە بە پێی ئەو ئەرکە ڕستەسازییەی ناوەکە دەیبینێ، ئەو ناوەش کە دەشێ ئەم جۆرە لاڕستەیە جێگەی بگرێتەوە، بۆ نموونە : ئەگەر ناوەکە بکەر بێ، لاڕستەکە ناو دەنرێ (لاڕستەی دیارخەری بکەر)، بەهەمان شێوە دابەش دەبن بۆ لاڕستەی دیارخەری بەرکار، بەرکاری بە یاریدە .... هتد. وەك لەم نموونەیەدا دیارە.




ئەو جۆرە لاڕستانە ڕستەی لاوەکی و دیارخەرانە دەگرێتەوە، کە ناوێك لە ناوەکانی نێو ڕستەکە پتر ڕووندەکاتەوە، لاڕستەی ناویش بەگوێرەی ئەرکی ناوی ڕستەکەوە جۆرەکەی دیاری دەکرێت. کە بەم شێوەیەیە :

٢-٣-١-١ : لاڕستەی دیارخەری بکەر :

لەم جۆرەدا ناوی ناو ڕستە سەرەکییەکە ئەرکی بکەری هەیە، بۆیە لاڕستەکەش ئەم ناوە زیاتر ڕووندەکاتەوە ودیاری دەخات و ئەرکی بکەر دەبینێت. بکەریش لە ڕۆنانی ڕستەی کاری تێپەر و کاری تێنەپەڕی بکەری دەردەکەوێت. وەك :

- ئەو قوتابیانەی، کە یەکەم بوون، ئێستا لە دەرەوە دەخوێنن.
- ڕژێمی بەعس، کە ئێستا لە زبڵدانی مێژوودایە، نیو سەدە کوردی چەوساندوە.
- مۆبایل، کە ئامێرێکی زۆر بچووك و تازەیە، پەیوەندییەکانی ئاسانتر کردووە.

[٣]) ئەو مۆرفێمی سفرە بە زۆری ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە، کە ڕۆڵی بکەر (کارا) دەبینێ.

لەم نموونانە ئاشکرا دیارە، کە هەر یەکە لە لاڕستەکانی (کە یەکەم بوون، کە ئێستا لە زبڵدانی مێژوودایە، کە ئامێرێکی زۆر بچووك وتازەیە) لاڕستەی ناوی دیارخەری بکەرن، وەسفی (ئەو قوتابیانە، ڕژێمی بەعس،موبایل) کە بکەری ڕستە سەرەکیەکانن و زیاتر ڕوونی دەکەنەوە. کارەکانی ئەم ڕستانە کاری تێپەڕن، بەڵام لە کاری تێنەپەڕی وەك لەم نموونانە :

- ئەو دیلەی، کە چەند ساڵە چاوەڕێی دەکەین،دوێنێ هاتەوە.
- ئەو پێشمەرگانەی، کە زۆر ئازا ودڵسۆز بوون، ئێستا زۆربەیان دانیشتوون.

لەم ڕستانەدا کارەکانی (هاتەوە، دانیشتوان) تێنەپەڕی بکەرین وفریزە ناویەکانیان (ئەودیلە، ئەو پێشمەرگانە) دەبنە بکەری ڕستەی سەرەکی و هەر یەکەیان بە لاڕستەی بەرامبەری وەسفکراون.

**٢-٣-١-٢ : لاڕستەی دیارخەری بەرکار :**

لەم جۆرە ڕستە ئاڵۆزانەدا لاڕستە لایەنێکی بەرکاری ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە دەبێتە دیارخەری بەرکاری ڕستەی سەرەکی. بەرکاریش وەك کەرەسەیەکی ئەرکی بەشداری ڕۆنانی ڕستە دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارەکە، ئەگەر کارەکە تێپەڕبوو بەرکار دەبێتە کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستە وەك :

- پەرتوکە باشەکەم بۆتۆ هەڵبژارد.

لەم ڕستەیەدا (پەرتوك) ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکە دەبێت و وەك کەرەسەیەکی سەرەکی بوونی پێویستە.

دەشێ ڕستەی سەرەکی ڕستەیەکی یەك وشەبی

ئاشکرایە Ø ، کە دوژمنانی کورد دژی ئازادی کوردستانن.

هەڵبەتە Ø ، کە کورد گەلێکی بێ پشتیوانە.




لێرەدا ڕاناوی لکاو دەبێتە بەرکار، چونکە کارەکە تێنەپەڕی بەرکارییە.

لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا دەشێ، بەرکار بە لاڕستە دەربڕێ و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، کە بەهۆی دەرنەکەوتنی بەرکار و خۆ نواندنی لە شێوەی مۆرفیمی (سفر)دا لە ڕستەکە دروست بووە. وەك :

- بینیم کە ناڕەزاییت دەردەبڕی.

لەم ڕستەیەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕستەکە پێویستی بە کەرستەیەك هەیە کە ئەرکی بەرکاری کاری (بینین) ببینێت، چونکە بۆشاییێك لە ڕستەکەدا دروست بووە و پێویستی بە تەواوکردنی هەیە و لاڕستەی (کە ناڕەزاییت دەردەبڕی) ئەم چاڵە پڕدەکاتەوە و ئەرکی بەرکاری کاری (بینین) دەبینێت.

٢-٣-١-٣ : لاڕستەی دیارخەری بەرکاری بەیاریدە :

لەم جۆرە ڕستە ئاڵۆزانەدا لاڕستە لایەنێکی بەرکاری بەیاریدەی ڕستەی سەرەکی (شارستە) ڕووندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بەرکاری بەیاریدەی شارستە. وەك :




**٢-٣-٢ : لاڕستەی دیارخەری کار (پاڕستەی ئاوڵکاری) :**

لاڕستەی دیارخەری کار ئەو جۆرە ڕستە لاوەکیانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستەی سەرەکی پتر ڕووندەکەنەوە و دیاری دەخەن. ئەو لاڕستانە ئەرکی ئاوەڵکاربیان پێ دەسپێردرێ لە ڕستەی سەرەکیدا، واتە بەشێك یان لایەنێك لە کاری ڕستەی سەرەکی ڕووندەکەنەوە. لاڕستە ئاوەڵکارییەکان هۆکارێکن بۆ دیار خستنی کار، بۆیە بەپێی ئەرك ڕوونکردنەوەیان بۆ دەکرێت وجۆرەکانی دیار دەکرێت، ئەم لاڕستانە نابن بە دیارخەری فرێزی ناوی، بەڵکو زیاتر پەیوەستن بە کاری ڕستەکەوە، لە پۆلین کردنیشدا پشت بە لایەنی واتایی دەبەستێت. کە لایەنێکی ئەنجامدانی کاری ڕستە سەرەکییەکە دەردەخەن. وەك : کاتی ئەنجامدانی کاری ڕستەی سەرەکی، یان هۆی ئەنجامدان، ئامانج، ئەنجام، ڕادەی ئەنجامدانەکەیان مەرجی ئەنجامدانەکە .... هتد. لەبەر ئەوە دەشێ بەوجۆرە ڕستە سەرەکیانە (شاڕستانە) بوترێ لاڕستەی دیارخەری کار (پاڕستەی ئاوەڵکاری).

هەندێ جار لاڕستە هەر لە ئەرکی ئاوەڵکار دەبینێ و هەموو ڕستەکە وەسف دەکات. وەك :

- هەرکە ئەوم بینی، هەموو شتێکم لە بیر چووەوە.
- کە ئەوهات، من ڕۆیشتم.

گرینگترین خاڵ لە بارەی لاڕستەی ئاوڵکاری ئەوەیە، کە کرتاندنی کارناکاتە سەر ڕۆنانی ڕستەکە :

أ) لەگەڵ بینینی ئەو، هەموو شتێکم لەبیر چووەوە.
ب) هەموو شتێکم لەبیر چووەوە.
أ) کە ئەو هات، من دەڕۆم.
ب) من دەڕۆم.(دلێر صادق کانەبی، ٢٠١٥ : ل١٣٧).

ئەو لاڕستانە ئەرکی ئاوەڵکاربیان پێ دەسپێردرێ لە ڕستەی سەرەکی، بۆیە بە پێی ئەرك ڕوونکردنەوە یان بۆ دەکرێت وجۆرەکانی دیار دەکرێت، کە دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە لاڕستەی دیارخەری (کات، هۆ، ئەنجام، ئامانج،پێوانە، مەرج ...هتد). کەواتە بە پێی جۆرەکەی دەتوانین لاڕستەی دیارخەری کار (پاڕستەی ئاوەڵکاری) بکەین ئەم بەشانەی خوارەوە :

**٢-٣-٢-١ : لاڕستەی دیارخەری کات :**

بەو ڕستانەوە دەوترێ کە کاتی ڕستە سەرەکیەکە (شاڕستەکە) نیشان دەدات (ئەورەحمان حاجی صادق، ٢٠٠٤ : ل١٨٧). لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەم جۆرە لاڕستەیە، کاتی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە (عبدالله حوسێن ڕەسول، ٢٠١٥ : ل١٣٤).

بە پەیوەست کردنی کارێکی کات زانراو و دەبێتە دیارخەری کات لە شاڕستە و پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ دروست دەکات واتە : کاتی ڕوودانی کاری لاڕستە

زانراوە و بەهۆی ئەوەوە کاتی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی دەزانرێ و دەتوانرێ، ڕستەی لاوەکی ڕستەی سەرەکی پاش و پێش بکرێن و ئامرازی لێکدەر لەم جۆرە ڕستە ئاڵۆزانە بەکاردێت ئامرازەکانیش کە لەم جۆرە لاڕستانە بەکاردێت بریتین لە (کاتێ، کە، هەرکاتێ، تا، پێش، پاش، هەرکە)(یوسف شەریف سەعید، ٢٠٠٩ : ل٩٣). واتە دەتوانرێ پرسیار بە ئامرازی پرسی (کەی) ڕوونکەرەوە و دیارخەری کات بکرێ. وەك :

- کە من هاتم، تۆ خەوتبووی.
- <u>هەرکاتێ دایکم شیو لێدەنێت</u>، بۆنی ڕۆژەرێیەك دەڕوات.
لا. د کات
- کە خوشکم نانی بەیانی ئامادە دەکرد، هەموو خێزان لە خەو هەڵستابوون.
- کە من هاتم، تۆ ڕۆیشتبووی.
- کە ئەو هات، من لەوێ نەبووم.

ئەگەر لەم ڕستانەی سەرەوەدا پرسیار لە کاتی ڕوودانی کاری ڕستە سەرەکییەکە بکرێت وەڵامەکەی لە لاڕستە (ڕستەلاوەکییەکە) دا بەوردتر دەست دەکەوێت.(ڤیان بەکر عەبدولڕەحمان،٢٠١٥ : ل٥٥).

هەر وەکو لەم ڕستانەی سەرەوەدا دیارە بەشێوەیەکی گشتی ڕستەی شوێنکەوتووی کات (لاڕستەی دیارخەری کات) دەکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکییەکەوە و هەندێك جاریش دەکەوێتە سەرەتای ڕستە ئاڵۆزەوە. نموونە بۆ ئەو لاڕستەیەی کە کەوتۆتە نێوان ڕستەی سەرەکییەکەوە(کوردستان موکریانی، ١٩٨٧ : ل٨٢).




**٢-٣-٢-٢ : لاڕستەی دیارخەری هۆ (ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی) :**

ئەو لاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە هۆی ڕوودانی ڕووداوی ناو ڕستەی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە و دەری دەخات. ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی وەکوهەموو جۆرەکانی تری ڕستەی شوێنکەوتوو لە ڕووی ڕۆنانی سینتاکسییەوە هەرگیز بە تەنیا بەکار نایەت و لە ڕووی واتاوەش بە بێ ڕستەی سەرەکی ناتەواو دەبێت (کوردستان موکریانی، ٢٠٠٤ : ل٣١)، چونکە واتاکەی تەواوکەری واتای ڕستەی سەرەکییە ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی کە لاڕستە بە ڕستەی سەرەکی دەبەستێتەوە ئەمانەن (چونکە، چونکی، بەهۆی ئەوەی کە، لەبەر ئەوەی .... هتد)، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ شوێنی لاڕستە و ڕستەی سەرەکی ئاڵوگۆڕ بکرێ بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەی ئاڵۆز بکات. وەك :

- چونکە کابرا هەژارە، ژنە گلەیی لێدەکات.
- <u>ناکرێ بەجێی بێڵم</u>، لەبەر <u>ئەوەی زۆر</u> نەخۆشە.
ر.س لا.ش یان ڕ. لاوەکی
- <u>لەبەر ئەوەی کەسێکی دنیا دیتەیە</u>، قسەکانی هەموو پەند و ئامۆژگارین.
لا.د. هۆ

لە کاتی تێهەڵکێش کردنی هەردوو ڕستەکە لە ڕستەی دووەمدا جێناوی سەربەخۆی (ئەو) بەکلیتیك دەکرێت بە جێناوی لکاوی (ی) ی بەرامبەری، ئامرازی گەیەنەری (لەبەر ئەوەی) شوێنی دەگرێت و بەتێهەڵکێش کردنی هەردوو ڕستەکە هەڵدەستێ، کەواتە لاڕستەی (لەبەر ئەوەی کەسێکی دنیادیتەیە) هۆی (پەند و ئامۆژگاری قسەکانی ئەو) دیاردەخات و ڕوونی دەکاتەوە.

لەم جۆرە لاڕستانە واتە لاڕستەی دیارخەری هۆ نابێت ئامرازی لێکدەر لاببرێت، چونکە کار لە واتای ڕستە ئاڵۆزەکە دەکات.

**٢-٣-٢-٣ : لاڕستەی دیارخەری شوێن :**

ئەو جۆرە لاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆز کە شوێنی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری شوێن لە ڕستەی سەرەکیدا و پەیوەندییەکی ڕێزمانی دروست دەبێت لە نێوان هەر دوو ڕستەوە بە ئامرازی گەیەنەر پەیوەندییەکە پتەوتر دەبێت. لاڕستەی دیارخەری شوێن دەبێتە وەڵامی پرسیاری (لەکوێ) و هەروەها دەبێتە دیارخەر و ڕوونکەرەوەی ئەو فرێزەی کە دەبێتە وەڵام بۆ وشەی پرسی (لەکوێ) وەك :

- زۆر جار لەو گوندە سەیران دەکەین، کە شوێنی باو و باپیرانمە.
- ئێمە زۆر جار لەو گوندە سەیران دەکەین، گوندەکە شوێنی باو وباپیرانمە.

(گوند) دووبارە بۆتەوە و بە یاسای (هاولابردن)لە ڕستە لاوەکییەکەدا لادەبرێ و(کە) شوێنی دەگرێ. ئاوەڵکار دەشێ بخرێتە دواوە و ڕستەکە دەبێتە :

- زۆر جار لەو گوندە سەیران دەکەین، کە شوێنی باو وباپیرانمە.

**٢-٣-٢-٤ : لاڕستەی دیارخەری ئەنجام :**

ئەم لاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە ئەنجامی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە و دیاری دەخات، ئەم جۆرە ڕستەیە (بۆ بەشێك لە بەشەکانی ڕستەی سەرەکی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سەرجەمی ڕستەکە دەگەڕێتەوە) (کوردستان موکریانی، ١٩٨٧ : ل٨٧) و (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤ : ل١٤٣).

لاڕستەی دیارخەری ئەنجام (ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام)، ئەنجامی مەبەستی ڕستەی سەرەکی لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕووندەکاتەوە. پەیوەندی لاڕستەی دیارخەری ئەنجام لەگەڵ ڕستەی سەرەکیدا بەهۆی ئامرازی گەیەنەری (بۆیە، لەبەر ئەوەی) یە. وەك :

- ماوەیەکە نەم دیوە، بۆیە نایناسمەوە.
- میوانمان هەبوو، لەبەر ئەوە نەچوومە دەرەوە.
- یەك ناگرین، <u>بۆیە سەرناکەوین</u>.

دەتوانرێ شوێنی لاڕستە و ڕستەی سەرەکی ئاڵوگۆڕ بکرێ بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەی ئاڵۆز بکات، شایانی ئاماژە پێکردنە کە (لاڕستە دیارخەرەکانی

هۆ و ئەنجام پێچەوانەی یەکترن، واتە ئەگەر ڕستەی سەرەکی و لاڕستەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەین لەگەڵ گۆڕینی ئامرازە لێکدەرەکانیان، لاڕستەکانی هۆ و ئەنجام ئاڵوگۆڕ دەبن).(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠١٤ : ل٤٣) ئەمە بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت. وەك :

- ڕێنمایی هاتووچۆ پەیڕەو ناکەین، بۆیە ڕووداو زۆرە.

لادانە

لێرەدا ڕستەی ئاڵۆز لە دوو ڕستە پێکهاتووە لە کاتی تێهەڵکێش کردنی ڕستەکان، بەهۆی ئامرازی گەیەنەر لاڕستەکە ئەنجامی جێ بەجێ نەکردنی ڕستەی سەرەکی دیار دەکات کە (ڕووداو زۆری) یە.

**٢-٣-٢-٥ : لاڕستەی دیارخەری مەرج :**

ئەم جۆرە لاڕستانە، مەرجی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی دەردەخەن و بەزۆری ئامرازی گەیەنەری مەرج کە تایبەتە بەم جۆرە ڕستەیە وهەردوو ڕستەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئامرازەکانیش ئەمانەن : (ئەگەر، گەر، ئەگینا).

- ئەگەر گوڵ نی،دڕکیش مەبە.
- گەر خودا دەستمان بدا، کوردستان یەکدەخەینەوە.

ڕستەی مەرجی ڕستەیەکی ئاڵۆزە، ڕستەی کاری مەرج و ڕستەی وەڵامی مەرج کە بەشداری لە داڕشتنی ڕستەی ئاڵۆزی مەرج دەکەن (ئازاد ڕەمەزان عەلی، ١٩٩٩ : ل٧٤)"لەم جۆرە ڕستە ئاڵۆزانەدا، لاڕستە دەبێتە ڕستەی کاری مەرج دەبێتە دیارخەری ڕستەی وەڵامی مەرج کە ڕستەی سەرەکی دەگرێتەوە کە شارستەیە واتە ڕوودانی کاری ڕستەی وەڵامی مەرج مەرجە بۆ ڕوودانی کاری ڕستەی کاری مەرج. دەکرێ ڕستەکان پاش و پێش بکرێن، بێ ئەوەی کار لە واتای ڕێزمانێتی ڕستەی ئاڵۆزی مەرج بکات. وەك :

- ئەگەر نەخوێنی، دەرناچیت.
- ئەگەر ماڵت لە شووشە بوو ماڵی خەڵك بەرد باران مەکە.
- ئەگەر باران ببارێت، جلەکان تەڕدەکات.

١) باران جلەکان تەڕدەکات.

٢) باران ببارێت.

ئەم ڕستەیە لە بنچدا لە دوو ڕستە پێکهاتووە، لە هەردوو ڕستەکەدا (باران) هەیە لە کاتی تێهەڵکێشکردنی هەردوو ڕستەکە بەیارمەتی ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر)، لە ڕستەی (١) دا باران لادەبرێت ڕاناوی لکاوی(ات) ئاماژەیە بۆ (باران) واتە بە کلیتیککراوە، کەواتە ڕستەی (ئەگەر باران ببارێت) ئەرکی دیارخستنی مەرجی ڕوودانی کاری ڕستەی (جلەکان تەڕدەکات) ڕووندەکاتەوە.

**٢-٣-٢-٦ : لاڕستەی دیارخەری پێوانە :**

لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەو لاڕستەیەیە کە هۆ وچۆنیەتی و پلەی ڕوودانی ڕووداو دەردەبڕێت،کە لەناو ڕستەی سەرەکیدا هێمای بۆ کراوە، وەیان بەڵگە ونیشانەی بۆ دەستنیشان کراوە. ئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووە (کە بڕو ڕادە و پێوانەی ڕوودانی کاری شارستەکە ڕوون دەکاتەوە و دەربدەخات،واتە بوار و سنوری کارکردنەکەی دەستنیشان دەکەن). (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠١١ : ل٧٥).

لاڕستەی دیارخەری پێوانە وەڵامی پرسیاری (لە چ پلەیەك،بە چ ڕادەیەك، تا چ ڕادەیەك) دەداتەوە. ئەم جۆرە لاڕستەیە پێوەرێك (بۆ ڕستە سەرەکییەکە دادەنێت و بۆ هەموو ڕستە سەرەکییە کە دەگەڕێتەوە نەك بۆ بەشێك لە بەشەکانی) (کوردستان موکریانی، ٢٠٠٤ : ل٥٥)، بە یارمەتی لێکدەری (کە، هەتا، تا، تاکو، هەتاکو، .... هتد) جگە لەمەش شتێکی تر هەیە، کە لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە "لە شارستەدا دیارخەرێکی نادیاری پێوانە وەك : بەڕادەیەك، هێندە، ئەوەندە، هەر چەند ... لە پێش ئاوەڵناوی شارستەکە هاتووە وئەرکی پاڕستە دەرخستن و سنوردار کردنی ئەو دیارخەرەیە، هەر ئەم دیارخەرانە دەبنە خاڵی سەرەکی جیاکردنەوەی پاڕستەی دیارخەری پێوانە لە پاڕستەی دیارخەری ئامانج"(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠١١ : ل٧٥) بە تایبەتی ولاڕستەکانی تر بە گشتی. وەك :




**٢-٣-٢-٧ : لاڕستەی دیارخەری ئامانج (مەبەست)**

ئەم جۆرە لاڕستانە ئامانجی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی دەردەخەن و ڕوونیان دەکاتەوە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (هەتا، تا،تاکو، هەتاکو .....).

لەم جۆرە ڕستانەدا ڕوودانی کاری ڕستە سەرەکیەکان (شارستەکان) دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجێك. واتە لاڕستەکان دەبنە ئامانجی شاڕستە، بەمەش دەبێتە پاڕستە دیارخەری ئامانج (مەبەست). وەك :







لێرەدا هەر یەکە لەم ڕستانەکە ڕستە ئاڵۆزن لە دوو ڕستە پێکهاتوون، لا ڕستەی (تا منداڵیم بە بیربێتەوە) ئامانج و مەبەستی (ڕۆیشتن بە کۆڵانەکە) دیاردەخات کە (بە بیرهاتنەوەی منداڵییە)، یان لە ڕستەکەی تر پاڕستەی (تاکو کوردستان ئازار بکات) ئامانج و بەستی (ڕاپەڕینی کورد) دیاردەخات کە (ئازادکردنی کوردستانە).

**٢-٣-٢-٨ : لاڕستەی دیارخەری پێچەوانە :**

ڕستەی شوێنەکەوتووی پێچەوانە ئەو بارە ئاڵۆزەکەی ناو ڕستەی تێکەڵ دەستنیشان دەکات، کە تەگەرەی تێخراوە و ئەستەنگی هاتۆتە پێش، بەڵام لە زۆر باردا زاڵبون بەسەریدا دەنوێنرێت(کوردستان موکریانی، ٢٠٠٤ : ل٤٥). ئەم لاڕستانە لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە پێچەوانەی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرکی ڕووندەکاتەوە و داریدەخات، هەروەها "هۆی ڕوونەدانی ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە" (ئەورحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤ : ل١٤٤). ئەم جۆرە لاڕستانە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەو لایەنە پیشان دەدات، کە هۆی ڕوودان و ڕوونەدانی ڕستەی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە. بەهۆی ئامرازی

لێکدەری (هەرچەندە، ئەگەر چی، کە چی .....) مەرجیشە هەردوو ڕستەکە پێچەوانەی یەکتر بن لە ڕووی واتاوە. وەك :

- هەر چەندە خانووە کە تازە بوو، بەڵام هەر لە کۆن دەچوو.

ڕستەی شوێنکەتووی پێچەوانە ڕاستی باری ڕووداوەکە دەستنیشان دەکات، بەڵام ڕستە سەرەکییە کە واتای دژایەتی و پێچەوانەیی ئەم هەڵوێستە ڕووندەکاتەوە. ئەم دەرخستنی دژ بارە دوو چەشنە دەربڕین پیشان دەدات. وەك :

- ئەگەر باران باری، سەیرانەکەمان ناکەین.
- ئەگەر ڕۆژهەڵات، سەیرانەکەمان دەکەین.
- ئەگەر باران نەباری، سەیرانەکەمان دەکەین.
- ئەگەر ڕۆژهەڵنەهات، سەیرانەکەمان ناکەین.

بەرامبەر ئەو دووبارە ڕێککەوتووەی ڕستەکانی سەرەوە لە ڕستەی شوێنکەوتووی پێچەوانەدا هەر بە یەك جۆر پیشان دەدرێت (کوردستان موکریانی، ٢٠٠٤ : ل٤٥).

- هەرچەندە بارانیش بێت، سەیرانەکەمان دەکەین.

هەروەها لە ڕستەیەکی تر کە پێچەوانەی یەکترن لە ڕووی واتاوە هاتووە :

- ئەو بە باش ناوی ڕۆیشتووە، ئەگەر چی باشیش نییە.

## ئەنجامەکان:

١- ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز،سەرباری لایەنە واتا سازییەکەی پرۆسێکی ماتماتیکییە کە بە ژمارەیەکی سنوردار وشە و ژمارەیەکی کەم یاسا ژمارەیەکی بێ کۆتا ڕستە دادەڕێژێ.

٢- هەموو جۆرە لاڕستەیەك هەر چییەکی بێ ئەرکی ڕێزمانی، بەهەمان دەستە یاسا تێهەڵکێشی ڕستەی سەرەکی (شارستە) دەکرێ.

٣- لە ڕێزمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی ئەوە چەسپاوە، کە سادەترین ڕستە لە گرێیەکی کاری پێکهاتووە، ئەمە دەربارەی ڕستەی سادە. لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا بە تایبەتی لەگەڵ هەندێ کاردا گرێی ناوی، کە (ئەرکی بکەری وبەرکاری) دەبینن لە ڕستەی سەرەکیدا وەك مۆرفیمی (سفر) دەردەکەون و بۆشایی لە ڕستەکەدا دروست دەکەن، لاڕستەکان لەم بۆشاییانە پڕدەکەنەوە.

٤- هەموو لاڕستەیەك دیارخەرییە و وەك ڕستەیەکی لاوەکی وەسفی کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی ڕستەی سەرەکی دەکات. ئەگەر وەسفی ناوێکی کرد، دەبێتە لاڕستەی ناوەڵناوی و ئەگەر وەسفی لایەنێکی کاری ڕستەی سەرەکی کرد، دەبێتە لاڕستەی ئاوەڵکاری.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم : کتێبەکان بە زمانی کوردی :**


١) ئەوڕەحمانی حاجی مارف،(٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.

٢) خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول،(٢٠٠٨)، بەرکار لە زمانی کوردیدا- بە پێی ڕێبازی فۆرمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٣) دلێر صادق کانبی،(٢٠١٥)، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،(٢٠٠٥)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، کتێبی گیرفان، وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.

٥) ــــــ،(٢٠١٤)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی،چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٦) ــــــ ، (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٧) کوردستان موکریانی،(١٩٨٦)، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا.

٨) ــــــ ،(١٩٨٧)، سینتاکسی ڕستەی سادەی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی دار الحرية، للطباعة، بغداد.

٩) ــــــ ،(٢٠٠٤)، سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٠) محەمەد مەحوی،(٢٠٠١)، زمان وزانستی زمان، دەزگای پەخش وچاپی سەردەم" سلێمانی.

١١) محەمەد مەعروف فەتاح،(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٢) وریا عومەر ئەمین،(٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی" چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٣) یوسف شەریف سەعید،(٢٠٠٩)، دۆخەکانی ژێرەو لای فیلمۆر وهەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**دووەم : نامە ئەکادیمییەکان :**

١٤) ئازاد ڕەمەزان عەلی،(١٩٩٩)، لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کوردی، نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕووشد، زانکۆی بەغدا.

١٥) دارا حەمید محەمەد،(٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕووانگەی پراکماتیکەوە،نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.

١٦) ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی،(١٩٩٧)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە،(ئیبن ڕووشد)، زانکۆی بەغدا.

١٧) سەباح ڕەشید قادر،(٢٠٠٩)،هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەی (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٨) شێرزاد سعیدصدیق،(٢٠٠٨)، ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری (کەتیگۆری و پێوانە) ی هاڵیدەی – لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٩) شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی، (٢٠٠٤)، یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٢٠) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، (١٩٩١)، ناکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین

٢١) ڤیان بەکر عەبدولڕەحمان،(٢٠١٥)، پارستە لە کوردی ناوەڕاستدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

**سێیەم : گۆڤارەکان :**

٢٢) ئێرنست مەکارەس، (١٩٨٧)، ڕستەسازی، وەرگێڕانی بۆ کوردی : محەمەد مەعروف فەتاح، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٥)، بەغدا.

٢٣) بائيز عومەر احمد و شلێر نايف ئەمين،(٢٠٠٩)، لارِسته وديالێكتا سەرى يا زمانێ كورديدا، (گۆڤەرا بەهدينى، گۆڤارا زانكۆيا دهۆك، بەربەندا (١٢) ژماره (٢)، دهۆك.

٢٤) بەكر عومەر عەلى،(٢٠٠٣)، ڕستەى شوێنكەوتووى ئەنجام و ڕستەى شوێنكەوتووى ئاگاداركردنەوه،گۆڤارى زانكۆى سلێمانى، ژماره (١٢).

٢٥) عبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،(٢٠١١)، پۆلينكردنى ڕستەى كوردى – توێژينەوەيەكى ڕسته سازييه. گۆڤارى ئەكاديمياى كوردى، ژماره ١٧، هەولێر.

**چوارەم : كتێبەكان به زمانى عەرەبى :**

٢٦) خليل أحمد عمايرة،(١٩٨٤)، في نحو اللغة وتراكيبها، منهج وتطبيق، الطبعة الأولى، جدة.

٢٧) محمد علي الخولي،(١٩٨٢)، معجم علم الأصوات، الرياض.

**پێنجەم : كتێبيكان به زمانى ئينگليزى :**

28) Crystal, (2003), A Dictionary of Linguistics and phonetics, 5th ed. Oxford: Blackwell.

29) Fromkin, V., Rodman , R., (1978) An Introduction to Language 2nd ed. Holt, Rinehart and Winston, New York

30) Trask, R. L. (1993) A Dictionary of Grammatical Terms in linguistics. Routledge. London.


## “Sections of Language (semi- sentence) as a Modle”


**Abstract**

This study is entitled "Sections of Complex Sentences in the Kurdish Language (Semi-Sentence) as a Model", and this study attempted to present the main parts of complex sentences, as this type of sentence is a living sentence used in daily life and read at different stages. The relationship between the parts of a sentence is one aspect that is an important part of this type of sentence. Segments of complex sentences and definitions of complex sentences are also described. However, for the purpose of this study, the term 'semi-sentence' and the definition of sentences and types have been introduced in this study.



**<u>Key words</u>**: complex sentence - analysis of a complex sentence - definition of a complex sentence - divisions of a complex sentence - semi-sentence - semi-sentence language and terminology - definitions of semi-sentence - types of semi-sentence.



**الملخص**

هذه الدراسة بعنوان "أقسام الجمل المعقدة باللغة الكردية (شبه الجملة كنموذج" ، وقد حاولت هذه الدراسة تقديم الأجزاء الرئيسية من الجمل المعقدة ، حيث أن هذا النوع من الجمل عبارة عن جملة حية تستخدم في الحياة اليومية وتقرأ في مراحل مختلفة. تعتبر العلاقة بين أجزاء الجملة أحد الجوانب التي تعد جزءًا مهمًا من هذا النوع من الجملة. يتم أيضًا وصف مقاطع الجمل المعقدة وتعريف الجمل المعقدة. ومع ذلك ، فقد تم تقديم مصطلح "شبه الجملة" وتعريف الجمل والأنواع في هذه الدراسة ، لغرض هذه الدراسة.



**<u>الكلمات المفتاحية</u>**: جملة معقدة - تحليل جملة معقدة - تعريف جملة معقدة - أقسام جملة معقدة - شبه جملة - لغة ومصطلحات نصف جملة - تعريفات شبه جملة - أنواع شبه جملة